www.kurdistannet.org
9-11-2005 20:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

# لە چاوەروانی زەنگی تەلەفۆنا ... ریبین سەباح

کات شەوە زەنگیکی تاریك بوو من لەسەر جیگاکەم پال کەوتبوم، نغرۆی بیرکردنەوەیەکی قول ببوم لەناکاوی بە هۆی زەنگی تەلەفۆنەکەمەوە بە ئاگا هاتمەوە سەرەتا زەنگی تەلەفۆنەکە هەر لیدەدا من سەلیقەی ئەوەم نەبوو وەلامی تەلەفۆنەکە بدەمەوە بەلام دواتر بریارم دا کە وەلامی تەلەفۆنەکە بدەمەوە تەلەفۆنەکەم هەلگرت دەنگیکی کچانەی ناسك ووتی ئەلوو. . . . دەنگی بوو بۆ یەکەمجار بوو گویچکەکانم ئاشنای ببو دەنگی بوو هەستیکی زۆر سەیری لا دروست کردبوم کە هەستی بوو لە هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ ئەم دەنگە بۆیە لە پاشا منیش گوتم ئەلوو بەریز ووتی کاروان چۆنی. . منیش گوتم خاتوون من کاروان نیم تۆ کیت ئەویت. . . ئەو لەوەلاما ووتی گرنگ نیە ئەو کاروانە بیت کە ئەمەوی قسەی لەگەلا بکەم بەلام گرنگ ئەوەیە لەگەل تاکیکی رەگەزی بەرامبەر قسە بکەم کە ئەو کۆت و بەندانەی کە کۆمەلگا پەیوەستی کردوون بەسەر ئیمەی رەگەزی میینەدا ئەمەوی بیشکینم بۆم دەرکەوی تا چەند ترسناکە لەگەل تاکیکی تری رەگەزی بەرامبەر قسە بکەم کە گەورەکانم و کۆمەلگا ئەوایان پی وتوم تا لەگەل دواندنم لەگەل ئەو تاکە بچمە قولایی گشت بابەتە قەدەغەکراوەکان کە کۆمەلگا لی حەرام کردوین. ووتی بە گفتوگۆکردنم لەگەل رەگەزی بەرامبەر وا هەست ئەکەم لە قەفەزی زیندانی دروست کراوی ئاین و داب و نەریتەقیزوەنەکانی کۆمەلگا ئازاد ئەبم ئەمەوی لە شەقەی بال بدەم بۆ ئاسمانی سەربەستی من هەر گویم لی گرتبوو پیمی وت بۆ وا بی دەنگی و قسەت نیە لەتەك قسەکانی من منیش بەسەرسورمانیەوە پیم ووت تۆ چ فریشتەیەك بویت لەو ساتەدا بۆ من چونکە منت لە پەتای تەنهایی رزگار کرد ووتی ئیمە کەی فریشتە نەبوینە لە ژیانا بەلام دیوە زمەی داب و نەریت دورمان ئەخەنەوە تاهەتایە یاخود بەندمان ئەکەن بۆ ئەوەی بە ئاکارە جوان و دلە یرلە سۆزەکانمان دونیای پر لە رق و کینە لەناو بەرین یاخود بەرەو نەمانی ببەین پیمی ووت پیت سەیرە ئافرەتیکی بی هیزی ئەم کۆمەلگایە ئەوا گفتو گۆ لەگەل تۆیەکی پیاوی خاوەن دەسەلاتی زەبرو زەنگ بکات پیت سەیر نیە کە تاکوو ئیستا رەگەزی حسابی پلەدوی بۆئەکری لە میرات و شایەتی دان ئەوا بەو شیوەیە بتوانی هاوار بکات و هەنگاو بنی بۆ بەدەست هینانی مافەکانی خۆیان. باشە پیت سەیرە
لەو کۆمەلگایەی کە ئافرەت سەبارەت بە پرسە چارەنوسسازو تایبەتیەکانی هیچ پرسیکی پی ناکریت باوك و برا یاخود میردەکەی لە جیاتی ئەوا بریاردەدەن ئیمەش تەنها بۆ مال پاکردن و مندال بوون پیشەمانە بۆ بۆمان نیە ئیمەش دەنگمان هەلبرین بلیین رەگەزی نیر ئیوە هەلەن بەسە چیتر ئەو بارودۆخە ئیمەی رەگەزی میینە قبول ناکریت لەم ساتەدا ویستم قسە بکە کە تاکوو ئەوسا زمانم لە قسەکردن وەستابوو یەکسەر قسەی کردوو بواری پی نەدام ووتی باشە بۆ ناهیلن کچ یاخود ئافرەت ئازاد بن لە هەلبژاردنی پۆشاکەکانیان بۆ تاکو ئیستا باوك لەم کۆمەلگایە لە بازار جل و بەرگ بۆ کچەکانی ئەکری یاخود لەوەش سەیرتر ئیستا هەیە ئەوەیە هەنی پیاو هەن خۆیان لە بازار جل بۆ خیزانەکانیان ئەکرن بی ئەوەی بیر بکەنەوە بۆ نابیت خیزان یاخو کچەکانمان سەرپشك بن لە هەلبژاردنی جل و بەرگ ووتی باشە تۆش لەوانە نیت کە خوشکەکەت یاخو هەر میینەیەکی

ناو خیزانەكانت كە شوو ئەكەن پیت عەیبە بچیتە زەماوەندەكەی من دوبارە لە ئاست ئەو پرسیارانەی دوبارە زمانم لە گۆ وەستاوە نەمدەتوانی قسە بكەم لە ئاست قسە رەوایەكانی ئەو بۆیە بی دەنگ بوم هاواری كرد بۆ قسە ناكەی. . . ؟ من ئەوسا بە دەنگ هاتم گوتم بەریزم ئەگەر منیش بەدەم كیشەكانی ئیوە دابیم وبەرگریتان لی بكەم كۆمەلگا هەمووی دژم دەبیت بەرپەرچم ئەدەنەوە ئەویش بۆ دواجار ووتی ئاخ وای لی هاتوە لە تاو ئەو بیركردنەوە كۆنەی كۆمەلگا خۆم بكوژم یەكسەر تەلەفۆنەكەی داخستەوە من ئەوسا زور گوتم ئەلوو ئەلوو بەلام بی سود بوو ئەو تەلەفۆنەكەی داخستبوو منیش نەمزانی ئەو كییە ژمارەی تەلەفۆنەكەی چەندە بۆیە لەم شەوەوە چاوەروانی زەنگی تەلەفۆنەكەم ئەكەم لەوساوە هەر ساتی زەنگی تەلەفۆنی مالەوەمان لیبدا من زۆر بە پەلە وەلامی ئەدەمەو وا ئەزانم ئەو فریشتەیە تەلەفۆنم بۆ ئەكاتەوە. . بەلام وا دیارە تا هەتایە دەبی چاوەریی دەنگی ئەو بكەم كە دوبارە تەلەفۆن كردنەوەی مەحالە. .

هەولیر